# ئێران، کوردەکان لەخەو رادەپەڕن!

نووسینی کریس‌کوچێرا*، گۆڤاری Paris 21/10/2004 Le Nouvel Obs
**Iran: le réveil des Kurdes** *Chris Kutschera*

سنە، کە شارێکی 350 هەزارکەسییە و پایتەختی ئوستانی کوردستانە، یەکێکە لەچوار ئوستانەکانی کوردەکانی ئێران. ئەم شارە زۆر مودێرنتر و ئاوەدانترە لە «پایتەختەکانی» دیکەی کوردستان واتە سلێمانی و هەولێر لە عێراقو دیاربەکر لە تورکیا. لە مەیدانی ئینقیلابەوە بۆ مەیدانی ئازادی، لە کۆتایی رۆژدا خەڵکێکی ئێجگار زۆر بەرچاو بەپەلە خەریکی هاتوچوون لە پیادەرەوەکانی خیابانی فیردەوسیو هەروەها لە ناو ئەو فرۆشگا بازرگانیە ئێجگار مودێرنانەدا کە تازە لە شەقامی «پاسداران» کراونەتەوە. لەناو ئەم حەشاماتەدا ژمارەی گەنجەکان زۆرە. (ئەم گەنجانە) سەربازن، لەبەرئەوەی سنە شاری پادگانەکانە، خوێندکارن، لەبەرئەوەی سنە شاری سەرەکی دانشگایی و هەروەها پایتەختی رووناکبیری کوردستانی ئێرانی سوننییە. ئەمەش ئەو پێناسەیە کە لە دەستی مەهابادی رفاند لەوەتی چواردانشگای تێدا دامەزراوە. ئەوە لەشاری سنەیە کە زۆربەی رۆژنامە کوردییەکان لەم دواییانەدا ئیجازەی چاپبوونیان وەرگرتووە. هەروەها لەم شارەیە کە خوێندکارانی کورد دەستیانکرد بە کۆبوونەوە بۆ رەخنەگرتن لە رۆڵی حیزبەمێژووییەکانی کوردستان و . . بۆ دیتنی خەونی سەربەخۆیی کورستان.
خوێندکارێکی سنەیی ئەڵێ: «خوێندکارانی کورد بەنهێنی لە ژوورەکانی دانشگاکەیان لە سنە و هەروەها لەشارەکانی دیکەی ئێران کۆبوونەوەدەکەن و بەگەرموگوڕی لەسەر دواڕۆژی کوردستان قسەوباس‌دەکەن.» ئەم کۆڕانە کە نارەسمی و نایاساییین، نزیکەی دەساڵ لەمەوبەر دامەزران کاتێک کە خوێندکارەکان بەشێوەیەکی خۆبەخۆ بۆ یادکردنەوەی سێ رووداوی دڵتەزێن بۆ کۆمەڵگای کورد، دەستیانکرد بە کۆبوونەوە؛ ئەم سێ رووداوەش بومبارانی هەڵەبجە لەلایەن هێزی ئاسمانی عێراق 1988/3/16، تێرۆرکردنی دوو رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، عبدالرحمن قاسملو لە شاری ڤییەن 1988/7/13 و صادق‌شرفکندی لە بەرلین لە 1992/12/17. لەنێوان ئەم کۆبوونەوە ساڵانەیەدا خوێندکارەکان جاروبار تراکتێکیان بڵاو دەکردەوە و یان «رۆژنامە»یەکیان دەردەکرد کە دوارۆژی نەبوو.

پاش هەڵبژاردنی محمدخاتەمی بۆ سەرەک کۆماری ئیسلامی لە ساڵی 1997دا بوو کە خوێندکارە کوردەکان، کە زیادلەئەندازە تووشی هیوای درۆینە ببوون، زۆر جیدی‌تر دەستیان‌کرد بە خۆرێکخستن و بەشێوەیەکی رێکوپێک یەکتریان دەدیتەوە بۆ قسەوباسکردن لەسەر فەلسەفەو مێژوو. یەک لەم خوێندکارانە ئەڵێ:« ئێمە کەسێکی وەک فرانتز فانۆن‌مان نیە، بەڵام ئیسماعیل بێشکچی‌مان هەیە [رووناکبیری تورک کە نزیکەی بیست‌ساڵ لەزیندانی تورکیا بوو لەبەر ئەو کتێبانەی لەسەر پرسی کورد نووسیویەتی]. ئەو پشتگیری لەوە دەکات کە کوردستان کۆلۆنی‌یەکی نێونەتەوەییە. چونکوو ئێمە پێمانوایە ئێران کوردستانی کردووە بە کۆلۆنی خۆی بۆ چەوساندنەوەی هێزی کاری هەرزان و کەڵکوەرگرتن لە سە رچاوەکانی ئاو و هیدرۆلیک. . .»
یەکێک لەخوێندکارەکان کە خەریکی ئامادەکردنی دوکتۆراکەیەتی ئەڵێ «راستی تاڵە. ئێمە بەرەورووی گرفتێکی گرینگی ناسنامەیی بووینەتەوە: گەنجەکان خۆیان لە فەرهەنگی کوردی گێل‌دەکەن و موسیقای کوردی ناناسن.» بەڵام هەموو ئەم گەنجانە بە ریتمی ئەو رووداوانەی کە لەودیوی سنوورەوە لە کوردستانی عێراق لەگۆڕێدان، دەهەژێن. تەقینەوەکەی رۆژی یەکی فێڤرییەی (شوبات) هەولێر کەبوو بەهۆی قوربانی بوونی 117 کەس لەکۆمەڵگای کوردی عێراق بەتایبەت لە سنە بووبە

هۆی خۆپیشاندانی هاوخەباتی و سەرەخۆشی کە تێیدا هەزاران کەس لە سەرقەبران کۆبوونەوە. هەروەها ڕاگەیاندنی یاسای حکوومەتی کاتی لە بەغدا لە ڕۆژی 8ی مارسدا بووبەهۆی چەندین خۆپیشاندان لە هەموو شارە سوننیەکانی کوردستانی ئێران کەجاری وابوو تووشی توندوتیژی بوو. ئەم یاسا عێراقییە چی تێدابوو کە ئەم تەقینەوەی لێکەوتەوە؟ یاساکە بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دەسەلماند، رایدەگەیاندکە زمانی کوردی یەکێک لە دوو زمانە رەسمییەکەی عێراقدەبێت و سیستەمی حکوومەتی داهاتوو فیدیرالّی دەبێت. . . بە واتای ڕۆژنامەنووسێکی کورد لە تاران «فیدیرالیسم بۆ کوردەکانی عێراق کەمە، بەڵام بۆئێمە کە هیچمان نیە، ئەمە شتەیەکی زۆرگەورەیە.»

ئەم کوردانەی ئێران کە ژمارەیان هەشت تا دە لە سەدی دانیشتووانی ئێرانە داوای چیدەکەن؟ زۆر زەحمەتە ناوەرۆکی راستەقینەی ئەو هێلانەی کە لەناو ئەوانەدا هەیە لێکبدرێتەوە لەبەر ئەوەی زۆربەیان نهێنین و ئەو گۆڤارانەیش کە ئەوان پێناسەدەکات – وەک گۆڤاری «پرسیار»، کە لە سێ ژمارە بەولاترەوە نەچوو – زۆرجار قەدەغە دەکرێن.
لەهەمانکاتدا لەناو ئەم تێکەڵاوە جۆراوجۆرەدا رەوتێک بەدیدەکرێت لە رووناکبیرانی «شۆڕشگێر» کە بەئاشکرا لەبەرەی چەپدان. ئەمانە کە لایان وایە «فیدرالّیسم نابێت وەکوو رێگاچارەیەکی بەردەوام و یەکجارەکی چاویلێبکرێت»، داواکاری سەربەخۆیین. یەک لەوان ئەڵێ: «ئێمە خۆمان بە شارۆمەندانی ئەم وڵاتە نازانین. سنوورێک هەیە لەنێوان کوردەکان و ئێرانییەکاندا. کاتێک کە دوکتور رازانی [ئوستانداری تازەی سنە] قسە لەسەر `ژێرفەرهەنگی کورد` دەکات، ئێمە ناتوانین ئەوە قبووڵبکەین، ئێمە ناتوانین ئەوکەسانە قبووڵبکەین کە فەرهەنگەکەی خۆیان بەسەرماندا بسەپێنن.»

لەکاتێکدا کە هێندێک لە رووناکبیرانی کورد ئەم رەوتە بە رەوتی زاڵدادەنێن، کەسانێکیتر دڵنیاماندەکەن کە ئەمرۆ بەرەی «کاری هەنگاو بەهەنگاو» زۆر زیاترن لە «سەربەخۆییخوازەکان». ئەوانەی لایەنگری «کاری هەنگاو بەهەنگاون» دەڵێن چی؟ ئەوان ئەڵێن کە « ناتوانی پارێزگاریلە بیری سەربەخۆیی بکەیت و پێویستە ریالیست بین‌و خەونەکانمان لەگەڵ راستییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بگونجێن. لە دونیایەکدا کە بەجیهانیبوون زاڵە، بە کاری هەنگاو بەهەنگاو بە ئامانج دەگەین.»
لەهە مانکاتدا نزیک بە تەواوی سەربەخۆییخوازان و ریالیستەکان کۆکن لە دژایەتیکردنی خەباتی چەکداریدا. ئەو رووناکبیرە کوردانەی کەلە ماڵێکدا کۆبوونەتەوە کە بە ئاڵای کوردستان رازاوەتەوە – «ئاڵای میللەتێکی نادیار»، ئەوەدەسەلمێنن کە «ئێمە لە ئەزموون‌و لە مێژوو دەرسمان ورگرتووە. ئێمە خوازیاری ژیانێکی ئارامین.» خانمێک کە لە یەکێک لەم تاقمانەدا هەڵسووڕاوە ئەڵێ : «من منداڵم هەیە و نامەوێ کوڕەکەم و کچەکەم فارسێک بکوژن. پێچەوانەکەشی هەروا.» بەرپرسێکی گۆڤارێکی کوردی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە «کوردەکانی دەرەوەی وڵات رەخنەمان لێدەگرن‌و لەسەر ئەم بۆچوونەمان ئیرادیان هەیە. دەوڵەتیش لەسەر ئەوباوەرەیە کە ئیمە جیاوازیخوازین. کەوابوو هەمووان رەخنەمان لێدەگرن.» هەروەها ئەم کەسە دڵنیاماندەکاتەوە کە «رووداوەکانی عێراق بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری هەبووە لەسەر حکوومەتی ئێران کە دەبێ خۆیان لەگەڵ چوارچێوەی ئێستادا و لەگەڵ رەوتی نوێی جیهاندا رێکبخەن.» ئەمەش رێگا ناگرێت لە پیاوێکی گەنج لەکۆڕەکەدا کە ئەڵێ: «لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دیموکراسی نیەو دیالۆگ هیچ شتەیەک چارەسەر ناکات.»

لەکاتی ئێستادا ئەم تێکەڵی بیروبۆچوونە بۆ تاران هیچ جێگای مەترسی نیە لەبەرئەوە نە ڕێکخراوەو نە چوارچێوەیەکیشی هەیە. ئەمەش سەرەڕای هەبوونی دوو حیزبی کوردی کە ئەزموونێکی دووررودرێژی خەباتی سیاسیو خەباتی چەکدارییان هەیە؛ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

(حدک) و کۆمەڵە. ئەوە راستە حدک کە وادیارە تاڕادەیەک لەناو گەنجەکانی لادێدا خۆشەویستە بەهۆی تێرۆرکردنی عبدالرحمن قاسملوو و سەعید شەرەفکەندی‌یەوە ئێجگار زۆر لاوازبووە و رووناکبیران باوەڕیان پێی نەماوە. خوێندکاران لەخەباتگێڕە قەدیمیەکان رەخنەدەگرن کە بەپێی پێویست رادیکاڵ نین، کە لەباتی فیدراڵیسم داوای خودموختاری‌دەکەن و بەتایبەت ئەوەی کە نەیانتوانیوە تەلەڤیزیۆنێکی ساتەلایت دابمەزرێنن. کۆمەڵەش، کە لەسەر کێشەی ئیدئۆلۆژیکی بێکۆتایی لەسەر شێوەکانی شۆڕشی سوسیالیستی، لەتلەت‌بوون و داهێزراوە، کەوتووە بەر رەخنەی زۆر توندتر. خوێندکارانی کوردی ئێران لەراستیدا رەخنەیان لە حیزبەکانیان ئەوەیە کە «نەیانزانیوە نە چۆن شەڕبکەن و نە دیپلۆماسی.»
رووناکبیرانی پێشکەوتنخوازی کورد بەدڵنیاوالەییەوە ئەوە دە سەلمێنن کە هاونیشتمانەکانیان هەموویان شۆڕشگێڕنین. هەروەها ئەوەش دەسەلمێنن کە لە کوردستان رەوتێکی گرینگی بونیادگرای سوننی هەن کە زانییان چۆن جەماوەر وەگەڕخەن ئەویش پاش مردنی دوو کەسی ئایینی سوننی؛ ئەحمەد موفتیزادە ئیمام جومعەی سنە کە پاش ئەشکەنجەدان ساڵی 1983 مرد و شێخ محمد رەبیعی ئیمامی سوننی نوێژی جومعەی کرماشان (کە زۆرینەی خەڵکەکەی شیعەن) کە ساڵی 1996 تێرۆرکرا. ئێستاکە ئەم خەڵکە هەم بونیادگران و هەم . . . لایەنگری صدام. لەگوێن رۆژنامەنووسێکی کوردی سنەیی «خەڵک خراپ ئاگادارکراون. کەسانی واهەن کە تەنانەت نازانن لە هەڵەبجە چی قەوماوەو خۆیان گێلدەکەن لە گەورەبوونی تاوانەکانی صدام حسین.»

ئەوەش راستە کە رۆژنامەگەری کوردی هەرلە سنووری پێنج‌شەش بڵاوکراوەدا ماوەتەوە کە لە سەرەتای ساڵەکانی دووهەزاردا لەدایکبوون‌و دەهەزار تا بیست‌هەزار دانەیان لێ‌چاپدەکرێت. ئەم رۆژنامانە – کە لەراستیدا هەفتەنامەن و کەم‌تاکورتێک بە رێکوپێکی بڵاودەبنەوە – بەپێی یاسای رۆژنامەگەری دووزمانەن بەڵام بەشە فارسییەکەی وەرگێڕدراوی بەشە کوردییەکەی نیە. هەروەها رۆژنامەنووسەکانیان ئەوە دە سەلمێنن کە بەکردەوەو بەردەوام خەریکی خۆسانسۆرکردنن. بەواتای رۆژنامەنووسێکی رۆژنامەی «ئاشتی» کە لەمانگی دووی 2004وە دەردەچێت، «هێڵی سوور زۆرن. ئێمە ناتوانین زۆر باسی کورد بکەین. لەوە کەمتریش دەتوانین باسی کوردی ئێران بکەین.»
رۆژنامەنووسێکی «رۆژهەلات» کە یەکەم ژمارەی رۆژی 18ی مانگی دووی 2004 دەرچوو ئەڵێ: «دەسەڵاتداران داوایان لێکردووین کە زۆر لەسەر فیدراڵیسم نەڕۆین بەڵام ئێمە هەرباسی‌دەکەین. ئێمە ئەو وتارانە بڵاودەکەینەوە کە لەسەر ئەو وڵاتانەن وا بەشێوەی فیدراڵی بەڕێوەدەچن. هەروەها لەسەر شێوەی جۆراوجۆری فیدراڵیسم. ئێمە کە ناتوانین راستەوخۆ لەسەر کێشەکانی کوردی ئێران قسەبکەین، لەسەر کێشەی کوردەکانی دیکە دەدوێین.» رۆژنامەنووسێکی «ئاسۆ» کە بەکراوەیی خۆی بە «شۆڕشگێڕ» دەزانێت، ئاوا باسەکە کۆدەکاتەوە:« یاسای رۆژنامەگەری رێگامان پێدەدات کە نزیکەی بیست لەسەدی بیروڕای خۆمان بنووسین. ئێمە خەریکین لەسەر پشتی دووپشک دەڕوین.»

## گفتوگۆی دەوڵەتی خاتەمی لەگەڵ کوردەکان

«لەوەتی سەرۆک خاتەمی کەیشتووەتە دەسەڵات ئێمە ئەمرمان پێکراوە کە کێشەی کورد لەڕێگای وتووێژەوە چارەسەربکەین»، ئەمە قسەی کارمەندێکی باڵای وەزارەتی ناوخۆیە کە بەرپرسی دۆسیەی کوردە. لەراستیدا ساڵی رابردوو لە سلێمانی چاوپێکەوتن هەبوو لە بارەگاکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی جەلال‌تاڵەبانی لەنێوان نوێنەرانی حکوومەتی ئێران و یەکێک لە دوولایەنەکەی کۆمەڵە واتە عبداله موهتەدی و براکەی سەلاح موهتەدی کە «سەربەخۆ» یە. پەیوەندی لەگەڵ عبداله

موهتەدی کە داوای حاڵەتێکی فیدراڵی دەکات بۆ کوردەکانی ئێران پچڕا، بەڵام براکەی، سەلاح موهتەدی بانگهێشتن کرا کە لەداهاتوویەکی نزیکدا سەردانی ئێران بکات . . . حیزبی دیموکراتیش کە داونانەونەکەی ڤییەنناى لەبیر نەچووەتەوە (تێرۆری قاسملوو لە 1989دا) چەندین شەرتی داناوە [بۆ وتووویژ] کە بەلای کاربەدەستانی ئێرانیەوە نەگونجاون: حدک لەراستیدا داوادەکات کە ئەگەرهاتو گفتوگۆیان کرد دەبێت بەئاشکرا رابگەیەندرێت، لە ئەورووپا و بەبوونی چاودێرانی ئورووپایی بەڕێوەبچێت.
دەسەڵاتدارانی ئێران هاتوونەتە سەر ئەوباوەرەی کە حیزبەکوردییەکانی ئێران ئێستا بە کارتی ئەمریکا کایەدەکەن؛ کاربەدە ستێکی باڵای ئێران ئەڵێ: «ئومێدی ئەم حیزبە کوردییانە ئەوەیە کە ئەمریکا هێز بنێرێت و هێرش بکاتەسەر ئێران و ئەوانیش هەمان رۆڵیان هەبێت کە پارتی مەسعوودبارزانی و یەکیەتی جەلال تاڵەبانی لە عێراق بوویان. ئەمانە بە ئەمریکاییەکانیان وتووە کە توانایی ئەوەیان هەیە دەیان هەزارکەس چەکداربکەن و کوردستان رزگاربکەن. بەڵام ئەمریکاییەکان نایانەوێ ئێران بورووژێنن چونکوو ئێمە دەتوانین کاریگەرییەکی گەورەمان هەبێت لەسەر رووداوەکانی عێراق.»

وەرگێڕ: ئەحمەد ئەسکەندەری

* کریسکوچێرا کاتێک کە بە ئیمەیل پەیوەندی لەگەڵ گرتم و وتارەکەی بۆناردم، نووسیبووی کە بەشی کۆتایی ئەم وتارە لە گۆڤاری Le Nouvel Obs دا داکەوتووە و داوای لێکردم ئەوبەشەش لە بەرچاو بگرم.